

# هۆسرێل

## ژیان- جیهان – مانا

**له‌ ئینگلیزییه‌وه‌: شاسوار كه‌مال مه‌حمود***



ئایدیاوالاّ
ژماره‌ (۳۰)
كانونی یه‌كه‌می ۲۰۱۱
گۆڤارێكی فكرییه‌، ده‌زگای والاّ دوو مانگ جارێك ده‌ریده‌كات

هۆسرێل لە ساڵی **1859** لە خێزانێکی جولەکە لە مۆراڤیای کۆماری چیک لە دایکبووە، قوتابی (فرانز برێنتانۆ و کارل ستومپ)بووە. لە ساڵی 1887 بۆتە مەسیحی و پەیوەندی کردووە بە(کڵێسای لۆسەریی). هەر لە هەمان ساڵەوە وەك مامۆستا فەلسەفەی وتوەتەوە لە (**Halle**)پاشان وەك پرۆفیسۆر لە (**Göttingen**)و (**Freiburg im Breisgau**)تا ساڵی 1928. دوای خانەنشین بوونیشی لە نووسین و لێکۆڵینەوەکانی بەردەوام بووە تا مردنی لە 26ی ئەپریلی 1938.

هۆسرێل دیاردەگەرایی وەك لێکۆڵینەوەی لە بواری هۆشیاریدا پەرە پێدا. ئەو پێی وابوو هۆشیاری لایەنێکی سەربەخۆیە و دەتوانرێت لە جیهان داببرێت

## دیاردەی ژیان- جیهان

لەکارەکانی ماوەی سەرەتاو ناوەراستیدا هۆسرێل دیاردەگەرایی وەك لێکۆڵینەوەی لە بواری هۆشیاریدا پەرە پێدا. ئەو پێی وابوو هۆشیاری لایەنێکی سەربەخۆیە و دەتوانرێت لە جیهان داببرێت. لەکارەکانی کۆتایشیدا گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە چۆن هۆشیاری مرۆڤ دابراوە لەو ژینگە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتوری و مێژوییەی تێیدا دەژیت.بەمە هۆسرێل دیاردەی (ژیان– جیهان)ی داهێنا.

ئەو دەستیکرد بە تێگەیشتن لە هەندێك کێشەی ئاڵۆزی ناوخودی بەتایبەتی چۆن دەتوانرێت دەربارەی شتێك تێبگەین لەکاتێکدا ئەو شتە ئاماژە بە شتێکی ئایدیاڵی بکات. ئەو لەهەوڵی ناساندنی میتۆدێکی نوێ بوو، بەمەبەستی ئەوەی خوێنەرەکانی ئاشنا بکات بەگرنگی دیاردەگەرایی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی، بەتایبەتی گرنگی دیاردەگەرایی بۆ سایکۆلۆژیا. لە نووسراوی (قەیرانی زانستی ئەوروپا)هۆسرێل دەربارەی ئەو کێشانە دەدوێت، بەڵام بەداخەوە مەرگ بواری نەدا ئەو کارە تەواو بکات.

لەئەنجامی یاسای دژە جولە – کەنازییەکان دەریانکرد– هۆسرێل نەیتوانی چیتر کتێبخانەی زانکۆی **Freiburg** بەکاربهێنێت، تەنانەت مارتن هایدگەری فەیلەسوف کە ئەندامی پارتی نازی بوو ئەو پێشکەشکردنەی لابرد، کە بۆ هۆسرێلی نووسیبوو لە کتێبی بوون و کات کە بەیەکێك لە بەربڵاوترین کتێبەکانی هایدگەر دادەنرێت.

لەساڵی 1939 کارەکانی هۆسرێل کۆکرانەوە، بەمەبەستی ئەرشیفکردنیان، پاشان تەواوی کارەکانی





چاپکران لە کۆبەرهەمیکدا بەناونیشانی (هۆسرێلی– **Husserlian**).

## مانا و شت

لە (گەڕانی لۆژیکی 1900–1901)وە بۆ (ئەزموون و بڕیاردان– 1939 چاپکراوە)، هۆسرێل زۆر بەئاشکرایی جیاوازی نێوان (مانا و شت)ی روونکردوەتەوە.

ئەو چەند جۆر ناوی جیاواز پۆلێن دەکات. بۆ نمونە ئەو ناوانەی رۆڵی تابەتمەندێتیان هەیە و شتەکان دەناسێنن. هەریەك لەو ناوانە مانایەك دەردەبڕن و ئاماژە بەهەمان شت دەکەن. بۆ نمونە (سەرکەوتن لە جێنا)یان (دۆڕان لە واتەرلۆ)یاخود (سێگۆشە، یان چوارگۆشە). لەهەردوو حاڵەتەکاندا ئەو ناوانە مانای جیاوازیان هەیە، بەڵام ئاماژە بەهەمان شت دەکەن.

هەروەها هەندێك ناویش هەیە مانایان نییە، بەڵام ئاماژە بەشتێك دەکەن. بۆ نمونە (ئەرستۆ، سوقرات). هەندێك ناوی دیکەش هەن کە ئاماژە بەچەند شتێك دەکەن، ئەوناوانە بە ناوی گەردوونی ناسراون و ماناکانیان بریتیە لە " چەمك" و ئاماژە بە چەند شتێك دەکەن (دوای فراوانکردنیان). ئەو ڕێگایەی کە بەهۆیەوە هەست بە شتە هەستپێکراوەکان دەکەین پێی دەوترێت هەستیاری زگماکی.

> هۆسرێل هەندێك وشە کە بە (وشەی رووکەش– formal) ناسراون ئاماژە پێدەکات کە پێویستە لە رستەدا هەبن، بەڵام ئەو وشانە بۆخۆیان هیچ مانایەکیان نییە

هۆسرێل هەندێك وشە کە بە (وشەی رووکەش– **formal**)ناسراون ئاماژە پێدەکات کە پێویستە لە رستەدا هەبن، بەڵام ئەو وشانە بۆخۆیان هیچ مانایەکیان نییە، بۆنمونە وشەکانی (**the, a**)لەزمانی ئینگلیزیدا. بە بۆچونی هۆسرێل پێویستە لە هەموو رستەیەکدا ئەو وشە رووکەشانە هەبن، بەمەبەستی دروستککردنی (جۆری رووکەش– **formal category**). هۆسرێل پێیوایە جۆری رووکەشدەکرێت بە دووجۆرەوە: جۆری مانا لەگەڵ جۆری رووکەش. جۆری مانا پەیوەندی بە بڕیاردانەوە هەیە دەربارەی هەندێك دیاردە بۆ نمونە لە دروستکردنی کۆ، لێکدەرەکان. جۆری رووکەشیش پەیوەندی بەشتەکانەوە هەیە و ئاماژە بەهەندێك بیرۆکە دەکەن بۆ نمونە ژمارە تەواوەکان، ژمارە سروشتیەکان، پەیوەندی نێوان گشت لەگەڵ بەش. ئەو ڕێگایەی کە بەهۆیەوە هەست بە جۆرەکان دەکەین پێیدەوترێت هەستیاری جۆری.


هایدگەر

لەڕێگەی (هەستیاری زگماکی)یەوە هۆشیاریمان هەڵدەستێت بە دروستکردنی باری شتەکان، کاتێك شتەکان دەبینین، پاشان لە ڕێگەی هەستیاری جۆرییەوە هۆشیاریمان چۆنیەتی شتەکان دروستدەکات. یەك دانە لە باری شتەکان بەهۆی شتەکەوە دەبێتە بناغە بۆ دروستکردنی چەندان چۆنیەتی جۆری. بۆ نمونە (**a،b**) دوو شتی هەستپێکراون کە چەند جۆری چۆنیەتیان پێدروستدەکرێت. لای هۆسرێل هەریەك لە باری شتەکان و چۆنیەتی شتەکان پێویستە هەبن لە رستەدا.


**سەرچاوەکان:**

1. www.newworldencyclopedia.org
2. Wikipedia, the free Encyclopedia.



* **خوێدکاری ماستەر– زمانی ئینگلیزی – زانكۆی سەلاحەدین/ هەولێر.**